# به 14 ڕێگادا

# بە 14 ڕێگادا

ڕێبین ئەحمەد خدر

# به 14 ڕێگادا

ڕێبین ئەحمەد خدر

بابەت: شیعر
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: هێمن خدر
Hemn٨٩@gmail.com
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە:
چاپی یەکەم: ٢٠١٢
تابلۆی بەرگ: Rene Schute
..........................................
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٣٣) ساڵی(٢٠١٢) پێدراوە.

## تێبینییەکی بچکۆلە :

ئەم شیعرانە زۆربەیان لە نێوان ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٠ نووسراون، لە نێوانیشیاندا زیاتر – ئەوانەن کە لەنێوان دووهەزار و حەوت و دوو هەزار و هەشت نووسراون.بە پەرش و بڵاوی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبوونەتەوە.

کتێبی شیعریی من دواکەوت.

ئەم دواکەوتنەش ڕەنگە زیانی ئەوەی هەبووبێ، نەتوانم دنیایەکی تر و شێوەیەکی تری شیعر لەیەکەمین کتێبدا جێبکەمەوە کە دوای ئەوانە نووسیومن.

بەڵام ئەمەش یەکەمین کتێبە.

تێبینییە بچکۆلەکە

تەواو.

# ڕێگاکان

هەموو ڕێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە
خۆفڕێدان لەسەر قەنەفە
خۆخستنە ژێر ئۆتۆمبێلێکی منداڵان
سەرخستنە نێو تەشتێکی بەتاڵ
چەقۆ چەقاندن لەسەر دڵی وێنەیەکم
عاشقبوون بە بووکەشووشەیەک
خۆخنکاندن بە پەت لە شیعرێکدا
هەموو ڕێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە و..هەر زیندووم..
با زیاتر بژیم .. زیاتر ،
بەهیوای ژیانێکی خۆش
لەنێو گۆڕستانی زیندووان دا.

# گالیسکەوان

ئەم بەیانییە کەسێک مردووە
منیش خەمی گەیشتنی نامەکەمە
دڵم لەنێو شیعرە شەیتانییەکانی "بۆدلێر"
گوێچکەکانیشم دەمبەن بۆ سەر
ئەو تاتەشۆرەی مردووەکەی لەسەر دەشۆن.

ئەم بەیانییە شەقامەکان
وێنەی گالیسکەوانێکی پیر
حەزناکەن زیاتر بڕۆن، حەزناکەن بوەستن
چایخانەکان کەسێکی عاشقیان تێدا نییە
گۆرانییە کۆنەکان چایی دەگێڕن.

ئەم بەیانییە تۆ دەبینم
لەناو جلشۆری دراوسێکەمان
لێوەکانت سوور دەکەیت و پێم پێدەکەنی
لە پەنجەرەوە دەڕوانمە ئەودیوی باخەکە
جلەکانی سەر تەناف ڕەنگی تۆ دەدەنەوە.

ئەم بەیانییە درەنگ نییە
سەرم وەک تۆپێک غلۆردەبێتەوە
ژێر تایەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر
ئۆتۆمبێلەکە دەوەستێت و شوفێرەکە
شەقێک لە تۆپەکە هەڵدەدا و
فڕێی دەداتەوە ناو خەونەکان.

ئەم بەیانییە کەسێک مردووە
منیش وێنەی گالیسکەوانێکی پیر
لەنێو جلشۆری دراوسێکەمان
خەون دەبینم.

# لە ماڵەکەی خۆمدا

منم دۆستی هەورە نیشتووەکان
گۆڕەکەم کەوتۆتە سەر لوتکەیەکی ترسناک
شەوانە وەک تیشکێکی بریندار ڕادەپەڕم ،
دەچمە گۆڕی پاشا و زانا شێت و
کچە ئەفسووناوییەکان

هاوەڵی ئەو مشکە ترسنۆکانەم
کە لە درزی دیوارە کۆنەکان دێنە دەرەوە و
شارێک پشیلەی ڕەنگاوڕەنگ عاشق دەکەن

شەوانە لە گەشتە مردووە نەمرەکانی خۆمدا
بۆ ساتێک لە ژیان دەڕوانم :
تارماییەک بەسواری پایسکلێکەوە
بەناو ئاگردا دەڕوا و
گۆرانی دەڵێ

دەڕوانم :
باغەوانێک دەنگی خۆی
لەسەر "با" تۆمارکردووە،
منداڵێک بەیارمەتی بەبەغایەک وشەکان فێردەبێت

مەیموونێکی جوان یاری بە قەفەسەکان دەکا

لە ماڵەکەی خۆمدا
لەنێو هەورە نیشتووەکان
هێواش هێواش
بە پەیژە لە هێسک دروسکراوەکان دا
سەردەکەوم و
شەوانەش وەک تیشکێکی بریندار ڕادەپەڕم .

# پشیلە

وەک چۆن "گریگۆری سامسا" ی
" کافکا "
دەبێتە قالۆنچە،
حەزدەکەم
بەیانییەک کاتێ لەخەو هەڵدەستم
بووبم بە پشیلە
لەنێو بۆ و بەرامەی چێشتەکەت
لەنێو موبەقەکەی
ماڵی ئێوەدا..

# چواردە + یەک

چواردە کەس
قاقا بە ڕۆژێک پێدەکەنن،
یەک کەس وێنەی چواردە شەوی پڕ لە گریان دەکێشێت.

چواردە کەس
بە بەلەمێک بەسەر پشتی دەریادا دەڕۆن،
یەک کەس چواردە ماسی لەناو دڵی دا بەخێو دەکا.

چواردە کەس
لە نزیک باغێک شەڕدەکەن
یەک کەس
تەنها یەک کەس
بە چواردە ڕێگادا دەڕوات
تا دەگاتە خۆشەویستەکەی.

# چواردە پلیکان

سەیری ئەو تارماییە بکە
پیرەمێردێکی سەمەرە و ترسناک ،
دیسان لە گۆڕستان دێتەوە..
چاکەتێکی دڕاو..،
من دەزانم و ڕەنگە یەکێکی تر و
دەیانی تریش..
دوو ڕۆژە زۆر خەمبارە ،
من دەزانم
چواردە پلیکان بۆ خوارەوە
لە ژێرزەمینی ماڵەکەیدا
ژوورێکی گەورەی تاریکی هەیە
لەوێدا کار دەکات
ئیشی ئەو :
لێکردنەوەی کەللەسەرە
لە جەستەی مردووان

( کەللەسەرەکان هەڵدەگری )
چواردە پلیکان بۆ خوارەوە
( ژوورێکی پڕ کەللەسەر )
من دەزانم دوو ڕۆژە
زۆر خەمبارە و دەگریێ
چاوی کزبووە و ، کەللەسەری
هاوسەرەکەی ناناسێتەوە و
لێی تێکەڵبووە و دەگریێ..
( سڵاو بکەن ..لەم گۆڕستانە بچووکە بێ سەرە )
باران دەباری و
ئەمڕۆش لە گۆڕستان دەگەڕێتەوە
ئەو پیرەمێردە سەمەرە و سامناکە..
منیش هەر بە دوایەوەم
ئەمڕۆ خۆشەویستەکەم مردووە
دەمەوێ دوای بکەوم
چواردە پلیکان بۆ خوارەوە

بەر لەوەی
سەرە جوان و ناسکەکەی یارەکەم
بکات بە کەللەسەرێکی ڕووت و
پێستەکەی داماڵێ
ماچێکی لێوانی بکەم
کە نەمتوانی لە ژیانییدا ..،
بەر لەوەی
تیکەڵاو بێ و نەناسرێتەوە..
من دەڕۆم دوای دەکەوم
باران دەبارێ ..،
ئێوەش
سڵاوێکی تر بکەن
لەم گۆڕستانە بچووکە بێ سەرە..!

# پردەکان

گوڵدانەکان دەشارمەوە
ئیتر سەردەمی گوڵ و باخچە بەسەرچوو،
سەردەمی نێرگز و بەیبوون..
ئەوەندەی لایلایەمان بۆ باغەکان کرد
هەر باغەوانەکان خەوییان لێکەوت.

پەنجەرەی ژوورەکەم دەفرۆشم
یان دەیدەم بە جووتێ پێڵاوی دڕاو
گەر بۆمکرا تیر ڕادەکەم..
پەنجەرەی غەمبار
هەی لە من ماڵخراوتر
هاوماڵی غەریبیی
تۆ بۆ هەر کوێیەک بڕۆی
کەس بە دڵ لێت ناڕوانێ
لە تۆدا هەر سەیری شتێکی تر دەکەن.

جزدانەکەشم دەفرۆشم
بە پارەیەکی زۆر کەمیش ڕازیم.

چاویلکەکەم دەدەم بە کوێرێک
بەڵکو شتێکی پێ ببینێ.

دەنگم لەنێو گۆرانییەک دا دەڕوێنم
گۆرانییەک باس لەوە دەکا :
هەمیشە یەکێک بەسەر ئەم پردانەوەیە
نازانێت تێپەڕیوە یان جێماوە.

گوێچەکانم دەدەم بە پینەچییەک با لە بنی
پێڵاوێکیان بدا.

کتێبەکانم یەکە یەکە دەدەمە منداڵان
با بیانکەنە کۆللارە،
ئای چەند جوانن ئاسمانی کاغەزیی و وشەی هەڵفڕیو
کەس هەیە کۆللارە ڕاوبکات..؟

هەموو کۆترەکانم دەبەخشمە جادووگەران
تا چرکەیەک بمکەنە مێروولە
بزانم وایە :
مێروولە زیندانییەکان
تەنها ئەوکاتانە ئازاد دەبن
کە بێ ئاگایانە باڵدەگرن ..؟

هەرچی پێکەنینم هەیە
دەیدەم بە دڵۆپێ فرمێسک
عاشق ئەو منداڵەیە دەزانێت
هەموو ژیرکردنەوەکان ساختەن.

پەنجە بڕاوەکانم لەسەر پیانۆکە بەجێدێڵم.

لەوانەیە سەرم لە کاولگەیەکدا بنخۆڵ بکەم
ڕەنگە ڕۆژێک پیرەمێردێک
کە بە دوای گۆزەیەک .. گەنجینەیەکدا
دەگەڕێ بیدۆزێتەوە،
سەرم گۆزەیەک لە بەدمەستی
بە بەتاڵییش پڕ لە بێ ئومێدی..

پێنووسەکەم نا..،
نووکێکی پۆڵایینی بۆ سازدەکەم
بۆ ئەوەش نا..بێستوونی شیعری پێ هەڵکۆڵم،
لەسەر دڵم دەیچەقێنم
بەڵکو لەوێدا شتێکی بۆ یار پێمابێت ..!

# تەنها یەک کەس

باپیرم خەونێکی دی
باوکیشم هەمان خەونی دی
منیش هەمان خەونە ئێستا دەیبینم

باپیرم دارێکی ڕواند
باوکیشم هەمان داری ڕواند
منیش خەریکم دارەکە دەڕوێنم

باپیرم کتێبێکی نووسی
باوکیشم بۆ ئەوەی کتێبەکەی ئەو بخوێنێتەوە،
هەمان کتێبی نووسی
منیش هەمان کتێبە ئێستا دەینووسم

باپیرم لە شەڕێکی پووچدا کوژرا
باوکیشم لە شەڕێکی پووچدا کوژرا
منیش چاوەڕێی شەڕێکی پووچم

ئەوە چ مەملەکەتێکە؟
چەند لەمێژە تەنها یەک کەس دەژی
یەک ڕوانین..یەک هەناسە..یەک مردن

ئەریێ بەڕاست ئێمە هەموومان،
پێشتر نەژیاوین؟

# گەر گورگ بوومایە

دەستەکانم کۆن بوون
دڵم مۆدێلی هەشتا و شەشە
هێشتا منداڵێکی بچکۆلەم

تێدەگەم ئەم ڕۆناکییە ساختە و کۆپییە،
تەنانەت ئەو خۆرەش لەبەرگیراوەتەوە و
ئێمە مانگی ئەسڵییشمان نەدیوە

قاچەکانم پیربوون و
سەرم بیست و پێنج ساڵە دەژی ،
کەرەستەی جەستەی من وردە وردە کەم دەبێتەوە

هێشتا تێدەگەم ئەم گالیسکە شکاوە
تۆسقاڵێک بە ڕێگای خۆیدا نەڕۆیشتووە
خراپ ڕێی ونکردووە – زۆر خراپ..

ڕێواس من لە نەوەی پیاوە ئەشکەوتنشینەکانم
بەڵام هیچ لە ڕاووشکار نازانم

باوکم گوتەنی : گەر گورگ بوومایە لە برسان دەمردم

قەترەیەکیش دڵدارییم نەکردووە
دڵداریی.. هاهاها

لە شیعرەکانمدا کەم کچ هەن
گەر هەشبن بوونەتە پایسکل و ئۆتۆمبێل

پسوولەی ژیانی من سەرگەردانییە
هەمووان شوێن و کاری خۆیان دۆزییەوە من نەبێ
لە ئایندە بۆم ڕوون دەبێتەوە
بە مووشەک بوونەوەرە عەنتیکەکان منیان فڕاندووە بۆ زەمین

ڕەنگە دایکی من سێ چاوی هەبێت و
بە دڵێکی پڕ لە وایەرەوە
چاوەڕێمبکات

حیکایەتی من کۆنە
نازانم سواری پلیکانەی کارەبایی بم و
لە وێنەکاندا پێبکەنم

نازانم چۆن کچ شەیدای خۆم بکەم و
بیکەمە شیرینی خۆم ،
من هەر بیر لەوە دەکەمەوە
دەستەکانم کۆن بوون و
تا ئێستا یەک مەمکم نەکوشیوە

سەرم بیست و پێنج ساڵە دەژی
هێشتا لەبری بۆنی پرچ هەر دووکەڵ خەزن دەکا

کۆڵانەکانیش هیچ
هەر منداڵانن تۆپێنێ دەکەن و
هەر ژنێکە و زەوی ئاو دەدا

هەموو خەڵکی بوونەتە دۆستی تەلەفزیۆن و دراماکان
منیش هەر چپس دەخۆم و کتێب ڕیز دەکەم

خەڵکانی بەختەوەر زۆرن و من خەڵک نییم
ڕەنگە لە فیلم کارتۆن هاتبمە دەرەوە و
پشیلەکە ڕاوی نابم

کەرەستەی جەستەی من وردە وردە
کەم دەبێتەوە و
تێدەگەم ئەم ڕۆناکییە ساختەیە

بەڵام چیتر خۆم ماتڵ ناکەم
بیر لە بوونەوەرە عەنتیکەکان
دەکەمەوە
لە خزمانی خۆم

خەمی دایکمە
دەزانم ئێستا لە شوێنێکی زۆر دوور لە زەمین
بە سێ چاو بۆم دەگری و
بە دڵێکی پڕ لە وایەرەوە
چاوەڕێمدەکا..

## ئێمە

ئەوە هەموو ژیانی ئێمە بوو :
لەنێو گۆڕستانێکی بچکۆلەدا یەکتریمان ماچکرد ،
لەنێو ئاهەنگێکی گەورەشدا مردین.

# بووکە بە بارانە

کاتێ زانیم
تۆ بە باران دڵت تەنگ دەبێ،
لە هەموو ئەو بووکە بە بارانانە پەشیمان بوومەوە
کە بە منداڵیی بەشدارییم کردبوون.

## بیست و دوو

ئەوەندە دەست و پێ سپییم
دەترسم
مردن بێ و
نەزانم بمرم.

# دەستە بچکۆلەکان

تەپۆلکەیەک دەکەوێتە بەردەم قوتابخانەکە
وەک ئەوەی سەوزایی بە ئاستەم
سەری بەرزکردبێتەوە،
ئێرە شوێنی ڕاوکردنی
پەپوولە باڵگەورەکانە
سەردەمێکیش سەکۆی شانۆی "هاملێت" ،
دڵم بۆتە باگوردانی ترس گێڕان
دەڕوانمە جوڵەی پاسەکان
ئۆوهـ.بیرم چوو
ڕۆژێک هەر لێرەدا
لەسەر ئەم تەپۆلکەیە
"گۆدۆ" م بینی لە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکدا
شێت بوو بوو.

# ڕاوچی

لە دیمەنێکی زۆر هەستیارانەدا
ڕاوچییەکە هیچ بوارێکی
بۆ ئەوە نەماوە
نێچری دواوەی خۆی بپێکێ ،
تفەنگەکەی
خستە سەر دڵی خۆی و
نێچیرەکەی پێکا !

# چیرۆکی چێڵەکان

پیاوێک زۆر لە پیرەمێردی شاعیر دەچێ
لە کۆتایی کۆڵانەکە خەوتووە

چێڵەکان لە پشتەوەی پیکابەکە
بانگی دەکەن

دایکی سەوزە فرۆشەکە
سەتڵێکی شینی هەڵگرتووە – وڵات دەماڵێ

سەیران هەر بەمن پێدەکەنێ
چونکە نازانم ساپ ساپانێ بکەم

لە حەوشەی پشتەوەی ماڵی
هاوشێوەکەی پیرەمێرد
کوڕ و کچێک ژوانیان هەیە

سوخمە کەوتۆتە سەر بەردێک
بەردەکە دوو مارمێلکەی لەسەرە

کوڕەکە توند مەمکەکان دەکوشێ
شتێکی لە دواوە شاردۆتەوە

پەڵەهەورەکان لە کۆڵانەکە باوێشک دەدەن
باوکی سەیران لە دیار تەلەڤزیۆن
دەگری

دایکی سەوزە فرۆشەکە وڵاتی ماڵیوە و
پیپسی دەخواتەوە

پیکابەکە دوورکەتۆتەوە
چێڵەکان ئیتر بێدەنگن

سووخمە هێشتا لەسەر بەردەکەیە
چەقۆیەکی خوێناوییش لە تەنیشتی دانراوە

دوو مارمێلکە لەسەر جەستەیەکی
سپی سەما دەکەن

من دەمەوێ هەموو ئەمانە بڵێم
هەموو ئەمانە
بەڵام
سەیران هەر بە من
پێدەکەنێ
هەر بە من
چونکە نازانم ساپ ساپانێ بکەم

*ساپ ساپانێ – ساپ ساپانە : یارییەکە منداڵان دەیکەن، تایبەتە بە کچان ، خشتەیەک لەسەر زەوی دەکێشرێت، یاریکەران لەسەر قاچێک لەناو خانەکاندا یاریدەکەن و بازدەدەن.

# فیلمێکی نوێ

جادووگەرەکە لەنێو تابووتە سەهۆڵییەکە هاتە دەرەوە
پێکەنی
پێکەنی و منی کرد بە سمۆرە

سێ ساڵ لەسەر درەختەکان گۆرانییم دەوت
لەژێر گەڵاکاندا دەخەوتم
گوێزم دەخوارد و خەونم دەبینی
تەنانەت جارێک لەگەڵ دۆستەکانمدا
ڕۆیشتین بۆ شار
لە نزیک بینایەکی گەورەدا
خەڵکێکی زۆرمان بینی – تابلۆی سینەماکەش
نیشانی دەدا کە فیلمێکی نوێیە
من و هاوڕێکانم لەژێر درەختێکەوە سەیری
خەڵکەکەمان دەکرد
هەموویان ڕەنگ زەردبوون – دەگریان

جادووگەرەکە دەستی لە دروسکردنی
شێرە بەفرینەکە هەڵگرت و
منی کرد بە ئۆتۆمبێل

ئۆتۆمبێلێکی شینی مۆدێل نوێ
پیرەپیاوێک منی کڕی
لە فریشتەکانیش بەختەوەرتر بوو
من سێ ساڵ لەنێوان شار و شارۆچکەیەکدا
هاتوچۆم دەکرد
جارجار چەند پیاوێکی پیر بۆ سەیران و
ژنێکی جوان و منداڵێکی نەخۆش لەناومدا دادەنیشتن
پیرەپیاو وەک منداڵی خۆی خۆشیدەویستم
زیاتریش

جادووگەرەکە سەرکەوتە سەر درەختێکی بەرزەوە و
منی کرد بە مرۆڤ

سێ ساڵی ڕێک لە شەڕەکاندا خەڵکم دەکوشت
دەسگیرانەکەم لەماڵەوە وەک هەموو داستانێک
چاوەڕێم بوو
لە هەموو لایەکەوە بانگیان دەدا : تەقە بکەن ، تەقە بکەن
لە تەنیشتمەوە دەیان لاشەو
لە دووری دووریشەوە بۆنی خوێن
گوللەتۆپەکان خۆیان و منداڵە وردیلەکانیان
بەدەم فڕینەوە پێدەکەنین
سێ ساڵی ڕێک لە شەڕدا

دواجار لە شەرێکدا ڕامکرد

ڕامکرد و گوللەتۆپەکانم جێهێشتن
"دەبێ بگەڕێمەوە ماڵەوە"
لە ڕێگادا هەناسەسوار و تێنوو
ڕۆژێک ڕۆیشت و ئاو نەبوو
"دەبێ بگەمەوە دەسگیرانەکەم"

کۆتاکەی لە بێشەڵانێکدا
کانییەک فریام کەوت
بەختەوەربووم، بەختەوەر
نەمدەزانی گوللەیەک لەناو دڵمدایە
نەمدەزانی پێکراوم

من مردووم جادووگەرەکە
بە جادووەکانی خۆت زیندوومکەوە

بەڵام تکا دەکەم
تکا دەکەم
گەر زیندووت کردمەوە
بمکە بە هەموو شتێک
تەنها مرۆڤ نەبێ

من مردووم جادووگەرەکە

## خوانی ئاسمان

باڵندەیەکی سەمەرەم کڕی
خستمە قەفەسەوە
باڵندە فرۆشەکە وتی
هەرکات برسی بێت فڕینی خۆی دەخوا
ڕۆژێک هیچ شتێکم پێی نەدا
دوو ڕۆژ ، مانگێک
ساڵێک،
من دەمێکە مردووم
تا ئێستاش باڵندەکە
هەر لەنێو قەفەسەکەدا دەژی
چ سەیرە! ئەم فڕینە کۆتایی نایەت.

# سێوێک

سێوێکی سووری لا ڕزیو
لەناو ناخی زبڵدانێکدا :
( زبڵدان بیری لە هەموومان فراوانترە و
بەردەوامیش لە گۆڕاندایە ).

## دەنگێک
## لەنێو گەڵا سووریاووەکاندا

من مردوویيەکم ،
بەر لەوەی بمرم لەولای کۆڵانی ئێمەوە
ژیان بە پارەبوو
کاتێ پارەم پەیداکرد و
هاتمەوە ژیان بکڕم
حەیف...فرۆشیارەکە مردبوو..!

# لە شوێنێکی تر

دوو کۆتر بووین
لە کاتی فڕیندا
بووینەوە پەڕۆیە سپییەکەی
دەستی جادووگەر.

تاکە شتێک کە بە گرتن ئازاد دەبێ ( مەمک )

# سیحربازە بچکۆلەکە

دەرگای سەرەکی نییە
هەموو دەرگاکانی وەک یەکن
ئەم کۆشکە خەوتووە،
ئەم کچەش دەزانێ
ئەو کچەی لە ئاسمانی کۆڵانەکە دەڕوانێ
دەمێکی تر پەرداخێک ئاگر دەخواتەوە.

شەقامەکان کتێب بۆ یەکتر دەخوێننەوە
پیرەمێردی داماو گوێ لە تایەی ئۆتۆمبیلێک دەگرێ
نوقمی داستانی لاس و خەزاڵ
غەریبی هاوسەرەکەی دەکات،
پۆلیسێک جگەرە دەکێشێ
دایکی دارتاشەکە دەچێتەوە ناو تابووتەکەی.

دڵ وێنەی ڕیخۆڵەکوێرە بێکارە
هەر سێوێک فڕێدەداتە ئاسمان بۆخۆی دەگەڕێتەوە
دەنگێک نا..چەکوشێک پێم دەڵێ
١. قەفەسی سینگم بچووکە، پڕە لە باڵندەی بێ دەنووک
٢. قەفەسەکان کراوەن و مرۆڤەکان داخراو

گەردەلوولێکی شاراوە لەم گۆڕەپانە دەژی
کوڕێکی دەنگ گڕ لە شانۆی گەڕۆک
چەقۆ لە دەستی خۆی دەدا، مۆسیقا دەڕژێ :
سیحربازە بچکۆلەکە ڕازیم
هەرچی شتی دونیا هەیە ونی بکەیت،
تەنها خۆت نەبێ.

خانووەکان بێدەنگ
چاوەڕێی خەڵکی تازە دەکەن، نەخشەی کۆن،
مەترێک بۆ ژووان شک نابەیت
دڵدارەکان خۆیان نەخۆشدەکەن
لە نەخۆشخانەدا بە ڕەنگ و ڕوویێکی ترەوە
نامە بەیەکتر دەدەن، یەکتری ناناسنەوە.

قەڵا لەم شوێنە بەرزەوە
لە چی دەڕوانیٚ ، دڵی بەچی خۆشە ؟
بە سوار و شمشێرەکانی خۆی .. بە تاجی هەورەکان ؟
لەنێو نزا و پاڕانەوەکان، گۆرانی پیرییم دەبیسم :
" هێشتا کاتی مەمک کوشینە، گۆچانەکەم بێزارە
هێشتا دڵ بۆتۆ دەسووتیٚ، سپێدە بۆ ئێوارە "

دڵۆپ دڵۆپ وشە ون دەبیٚ
نووسین وەک کیسەڵێکی ترساو چۆتەوە ناوخۆی
وێنە وێنەی وێنە دەکێشیٚ،
هەموو سندووقەکان بە پڕیی دروستکراون
ئەوکاتەی بەیانی لە بێدەنگی تۆ دادەگیرسیٚ
ئەوکاتەی لە خەو هەڵدەستم و نازانم چ وەرزێکە.

کاڵەکی حەوتەمین دەخۆم
هاوهەنگاوی تاریکی دەچمە
دیداری ماسییەکانی نیوەی شەو
پەیکەر و دیمەنەکان لە – هەتاو – دەگرم

کەمێک بیردەکەمەوە بۆ هەمیشە سەفەر بکەم
چەند ئاڵۆز و سەرگەردانە خەون !

لەژێر پەیکەرێکدا کتێبێک خۆی دەخوێنێتەوە
ژنە مەمک ڕەشەکان خۆر دەدۆشن
ڕووناکی پەرتەوازەبووە،
ڕادیۆیەک بە دارتوویەک هەڵواسراوە
هێشتا تۆ ونیت سیحربازە بچکۆلەکە
هیچ دەرگایەکی سەرەکیش نییە

هەموو دەرگاکان وەک یەکن
ئەوکاتەی لە خەو هەڵدەستم و نازانم چ وەرزێکە.

# تاعوون لە هۆڵی بلیارددا

.١
دۆزەخ ئاگری گرتووە
بەدبەختییە
من دەنێرن لە بەهەشت
سەتڵێک ئاو بێنم!

.٢
فریشتەکە
فڕینی بیرچۆتەوە،
زەمینی لێ بۆتە تاراوگە.

.٣
کاتێ ڕۆشتم
چاوەکانت پڕبوون لە فرمێسک،
پیازت پاک دەکرد.*

.٤
تەواوی لێوەکانی گەڕەک کۆبوونەتەوە،
ماچێک لە حەوشەکەمان شین بووە.

.٥
وەک چۆن چاوەڕێی
پاسمان کرد،
ئاوا چاوەڕێی
ئازادییمان کرد.

.٦
دڵفراوانم..
لە جەهەننەم بۆ گوناهبارێک ئاگر نەمابوو،
پێشنیارمکرد
کەمێک بە ئاگری من بیسووتێنن!

.٧
لە دەرگای ماڵی ئایندەم دا
حەیف
ڕابردوو بە خەواڵوویی لێی کردمەوە.

.٨
منداڵەکە
کەللەسەرێکی کرد بە دەخیلە،
تا بە پارەکەی کۆللارەیەک بکڕێ.

.٩
کۆتری نامەبەر
بێ ئیش بووە،
کەس نامەی پێدا نانێرێت.

.١٠
گوڵدانێکی گەورە بە بەردەممدا ڕەت بوو:
پیکابێک دواوەی پڕبوو لە کچ،
لە کار دەهاتنەوە.

.١١
دڵۆپە ئاوێکمان چاند
گەشەی کرد،
بوو بە کوورە.

.١٢
دەست لە ملی خۆر – وێنەیەکم لەگەڵ
هاوین گرتووە،
بە ئاستەم قاچێکی زستان دەرچووە
بەفر دەبارێ و
تۆ شێرەبەفرینە دروست دەکەی.

.١٣
بۆیاغی زەرد لە شیعرەکانم دەدەم
تا پایز تێپەڕێ و
هەڵنەوەرێن.

.١٤
من بە پەتی سێدارەوە دەلەرێمەوە
ڕێواس لە کێوەکان هاتۆتەخوار
دەستی ئەفسانەی گرتووە – چواردەورمان پڕە لە دێو.

.١٥
تاعوون لە هۆڵی بلیارددا هەڵدەفڕێ
پیرەی چاویلکەسوور گۆرانی دەڵێ:
خانمەکە سینگی من ئوتووکە
خانمەکە لە کراسەکەم گەڕێ.

.١٦
مەمکەکانت بە هەزار جل و بەرگ ون نابن
تەنانەت
بە جادووگەریش.

.١٧
هەبوو نەبوو کیسەڵێک هەبوو زۆر خێرابوو،
لە ماڵەوە دەریانکرد،
لە دارستانیش
( کڵاشم درڕا و هیچم پێ نەبڕا ).

.١٨
گۆی زەوییم بچووک کردەوە
ئاوی هەموو ڕووبار و دەریاکانم کردە پەرداخێک –
خواردمەوە
درەختەکانم وەک سەوزە هەڵلوشین
چیاکان وەک کێک – ئاژەڵەکانیش،
مرۆڤەکان نا،
من لەبەر ئەوان زەمینم بچووک کردەوە!

* پیاز پاککردن و پەیوەندی بە فرمێسک بەمشێوەیە، لەناو خەڵکیدا باوبوو، من بیستوومە.

# کتێبێکی بچکۆلە – دەرەوەی قەڵاکە

"ئامین"
لە تەنیشت سینەما
ددان کەوتووەکەی شار دەژیا
پێشتر لە کارگەی جگەرە کاری کردبوو.

شەوێک ئیلهامی تەواوی
کتێبێکی بۆ هات.

دەینووسی:
قەڵایەکی شین لە قەراخ ڕووبارێکی خەمگین،
دانیشتووانی قەڵاکە
لە دەرەوەی قەڵا
توانای فڕینیان هەیە.

"ئامین"
لە دەستەکانی خۆیدا ون بوو بوو
بەردەوام دەینووسی

بەڵام سامناک
زۆر سامناک دەگریا.

" کچ و کوڕێک دەگەنە دەرەوەی
قەڵاکە و هەڵدەفڕن..هتد.."

دەگریا چونکە
نەیدەتوانی بە جۆگەلەیەک خوێن
هەموو دانیشتووانی قەڵاکە
بەیەکەوە ببەستێتەوە.

" ئیتر هەموویان کەوتنە
سۆراخی ئەم دووانە ..عیشق
نمایشی باڵەکانە.."

"ئامین"
بۆ جۆگەلە خوێنەکە دەگریا
لە باڵکۆنەوە کارگەی جگەرەی گڕدەدا.

ئیلهامی تەواوی کتێبێک
لە شەوێکدا..!

"ئامین"
لە تەنیشت سینەما
ددان کەوتووەکەی شار دەژیا
پێشتر لە کارگەی جگەرە کاری کردبوو.

شەوێک دەست لەسەر شیشەکانی باڵکۆن
وەک ئەوەی دانیشتووی قەڵای کتێبەکەی بێ و
گەیشتبێتە دەرەوەی قەڵاکە
لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکەوە
هەڵفڕی.

# سەفەربەرلک

گرانیی گەورە دێت و پەڵەهەورێک نامێنێ
بزنەکان شینایی ئاسمان دەخۆن

پیاوە قەڵەو و دەوڵەمەندەکان ئەستێرەی گەورە
لە ژووری پشتەوەیماڵەکانییان دەشارنەوە

ئێمەی هەژار و بێ ڕەنگ و ڕوو دەزانم
هیچمان بەرناکەوێ

بۆ تەواوی شارەکەمان پەلکێکی
پەلکەزێڕینە لە کارگەی جگەرەی ڕووخاو دابەشدەکرێ
شەیتان دەزانێ چەندمان دەبینە هاونوێنی فیشەک و
کەتەر

گرانیی گەورە دێت و دارستانەکان لەبەر ئاوێنە
دەڕواننە سەری ڕووتاوەی خۆیان
کۆترەکان لە وانەی فڕین دەکەون

جنۆکەکان وەک مرۆڤـ شکستە، چیتر ناتوانن خۆیان ون بکەن
نانییان دەبڕێ و ناتوانن کەسیش شێت بکەن

گوندنشینان لەبری ئەوەی بڕۆنە ڕێواس و کەنگر و کاردی
لە زەوی پڕ لە ئەڵغامدا کەمێک هەوا دەڕنن
تا ساڵ دەڕوا بەیەکەوە لە زەرفێکدا هەناسە دەدەنەوە

ڕۆژ  تووشی نەخۆشی دەبێ و زوو زوو تاریک دادێ،
شەو لە بوژانەوەی دڵدا دەخەوێ
ئەستێرە بچکۆلەکان لە فریاکەوتنەکەدا بۆی دەگرین و
پۆلیسەکە بە پاڵ دەیانکاتە دەرەوە

خۆشەویستیی لەماڵێکی نەخشیندا دەبێتە کارەکەر و
تەنها فیوزی پێ لێدەدەنەوە

بەفر لە بازاڕە کۆنەکاندا دەبێتە حەمباڵ و
لە گەرمەی هاویندا،
هەمیشە بەر لەوەی پارەکەی وەرگرێ دەتوێتەوە

گرانیی گەورە دێت و من دەزانم
ئێمەی هەژار و بێ ڕەنگ و ڕوو هیچمان بەرناکەوێ

پیاوە قەڵەو و دەوڵەمەندەکانیش ئەستێرەی گەورە گەورە
تەنانەت مانگ-یش
لە ژێرزەمینی ماڵەکەیاندا دەشارنەوە

منداڵە مۆن و ترسنۆکەکانییان
لە کۆڵاندا ڕۆناکی نەرمونیان, لە گیرفانی ڕەنگاوڕەنگیان
دەردێنن و
لەبەرچاوی ئێمەی بەدبەخت خەساری دەکەن و
وەک میزەڵدان دەیتەقێنن

ئاهـ
که گرانیی گەورە دێت بزنەکان چەند بەختەوەرن
شینایی ئاسمان دەخۆن

بەڵام ئێمەی دەرکراو
لە کارگەی جگەرەی ڕووخاو لەسەر پەلکێک لە
پەلکەزێڕینەی ساختە
چۆن یەکتری دەدەینە بەر فیشەک و کەتەر!

# دیمەنێک لە شەڕەکە

دوو دەبابە
دووکەڵی ژوور سەریان
وەک ڕەنگی تەڵخی ناو تابلۆکان،
لوولە سووتاوەکانییان
نزیکی یەک
یەکتری ماچ دەکەن.

# دوور لەو شەوانە!

باخچەیەک لەوبەری ماڵی ئێمەیە
پەپوولەکان هاتوون بۆن بکڕن..
پیرەمێردە مل گرێ گرێکە دەخزێتە سەر بان
پیلەکانی بە بەرد کوتاونەتەوە
ڕادیۆ ئامادەیە..
لە هەواڵەکانی جەنگدا بێدارە و
لە کاتی گۆرانییەکاندا خەوتووە..
کتێبێک لە تەنیشت قەفەسی کۆترەکان ڕاکشاوە
کێ دەڵێ ناونیشانەکەی ئازادی نییە؟
من دڵم تەنگە
دەبێت تا هەفتەیەکی تر بژیم.. مانگێکی تر،
سەیری ئاسمان دەکەم
حەزدەکەم دوا کەس بم
ڕووی یارەکەم
بە مانگ بچوێنم!

## داپیرەی ٤

مێزەکە سەرەوژێر کراوە
وێنەیەک بە بزمار لەسەر وێنەیەکی تر
تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپی: ئەفلام کارتۆن
کتێبێکی سووتاو لەژێر مێزەکە: ڕۆبنسۆن کرۆسۆ
دەنگی ڕادیۆ: ئەشق لە پاییزاندا یا لە هاویناندا
پیرەژنێک بە سەرتاپای سپییەوە: بنمیچی ژوورەکە
دڵۆپەخوێنی لاملی داپیرە لە ڕەنگی شتێک هەر دەچێ
کاغەزێک بەجێماوە
نا هیچ بەجێ نەماوە
جگە لە مێزێک و.. کتێبێک و.. و..
یەک دڵۆپ خوێن
یەک دڵۆپ
کە بە دڵنیاییەوە
زۆر لێی وردبیتەوە
ڕەنگی لە ڕەنگی شتێک هەر دەچێ.

# شوێنەواری ئەفسووناویی

ئۆتۆمبێلی شین
گەڕایەوە
هەمان شوێنەواری ئەفسووناویی،
پیاوەکە بە ترسەوە
بۆ سۆراخی ژنەکەی گەڕابووەوە
شتێکی تری نووسی و
خستییە ڕووبارەکەوە
ڕوانی
قەڵاکە ونبوو
دەگریا
شتێکی تری نووسی
سەوزاییەکە نەما
شتێکی تر

ئۆتۆمبێله شینەکه
شتێکی تر
خۆی بزر بوو،
ساتێکی تر پەیکەرێک
له شوێنەوارەکه دەردەکەوێت:
پیاوێک هەندێ کاغەز بەدەستەوه
له باوەشی ژنێکدا دەگری.

# شیرین و فەرهاد بەم جۆرە

ئاو لەنێو دڵی درەخت
چیرۆکێک دەنووسێ:
بەنێو دارەکاندا ڕایاندەکرد
قا .. قا.. پێدەکەنین
بەردەبوونەوە و
عەشق هەڵیدەگرتنەوە،
بەنێو مندا پەڕینەوە
کچە شێوە فریشتەکە خلیسکا
لە مندا خنکا..
ئێستا کوڕەکە بووە بە پشکۆیەک لە دەوری ڕووبارەکە
عەشق هەروا جۆشی دەدا و گڕدەگرێ
دەمێکی تر ئەو درەختەش
دەسووتێ،
هەموو دارستانەکەش...!

# جل و بەرگێک ، بەر لە کەوتن

سەلیم و سەفا بەیەکەوە لە گوند هاتنە شار
بەیەکەوە دەستیانکرد بە بەرگدروویی – سەلیم و سەفا
بەیەکەوە چوونە سەیران
بەیەکەوە شەڕیانکرد

بەیەکەوە فیشەکیان تەقاند ( بەیەکەوە بەر لە کەوتن
هەسپێکی ڕەش هاتە بەرچاویان )
بەیەکەوە مردن
بەیەکەوەش نێژران
( فەرموون چەپێک گوڵ !)

سەلیم و سەفا بەیەکەوەش سزادران و
چوونە دۆزەخ
بەیەکەوە سووتان

سەلیم و سەفا
هیچکات لەیەک دانەبڕان وەک دوو هاوڕێی خۆشەویست !

# لە چیرۆکە نوێیەکانم : چیرۆکی سێیەم

بۆ سەیران هاتبووینە سەر زەوی
( دیمەنی سەوزاییەک کە هەندێ گوڵی سوور و زەرد دەبینرێن)

بۆ بەدبەختی..هاوسەرەکەم "نان" ی لە بیرکردبوو، من دامنا بچم نانەکە بێنم
( ئەوکاتەی کە دەڕۆم هەندێ بەردی گەورە دێنە سەر ڕێگام- دەگەڕێمەوە )

هەرچەند بیرمان کردەوە نەماندەزانی لە کوێوە هاتووین و ماڵمان لە کوێیە!
( من و هاوسەرەکەم خەمبار..بیردەکەینەوە، منداڵەکان پێدەکەنن )

بۆ سەیران هاتبووینە سەر زەوی
( سەر زەوی بەتاڵ و بۆش..نانمان بیرچووبوو )

لەو ڕۆژەوە من و هاوسەرەکەم و
منداڵەکانیشم
تەنانەت
هەموو خەڵکی لە ئێمە پاشهاتووی زەوی
بەدوای نان دا دەگەڕێین..!

# بەختەوەری بە هەموو شێوەکانی

ئالێن گینزبێرگ – پێشکەشە.

هەڵبەتە شوینێک هەر هەیە
بابڵێین جانتاکەت
زەوییەکی بچکۆلە دەدۆزییەوە
هەر ئەوەندەی هەنارێک.

لێی ورد دەبیتەوە،
بەڵێ ئەمریکای هەیە.
دەستت گەرمم دادێ،
ئۆی تەنانەت شەڕیشی تیایە ئەم زەوییە بچکۆلە.

دەتەوێت خۆت بدۆزیتەوە
چاویلکەکە دەهێنی، زەڕەبینێک.

وردە وردە.
رووبارێکی جوان، ئەمسەر ڕووسیا.

وردە وردە.
ئەوەتا.

چی؟

دەیپشکنی..
ماڵی هاوڕێیەکت دەدۆزییەوە.

زەوییەکی بچکۆلەی هەر ئەوەندەی هەنارێک.

ئەولاتر گۆڕستانێک
گۆڕی داپیرەت.

هەموو شتێک وەک خۆی،
وەک زەوییە گەورەکە.

دەگەڕێی بۆخۆت!

ماڵی ئیسماعیلی شێوەکاریش تێدەپەڕێنی
نەرمینی بەرگدروویش.
ماڵی خۆتان.
ماڵی خۆتان.

دەپشکنی
تۆ لەوێ نیت.

زەوییە بچکۆلەکە بە ترسەوە دادەنێی
خڕ هەر ئەوەندەی سێوێک.

هەڵبەتە شوێنێک هەر هەیە
فڕێی دەدەیە ناو تەنەکەی زبڵ.

پشیلەیەک داوەتی تەنەکەی زبڵ
بەترسەوە
زەوی بچکۆلە لە دەمیدا

ئەمریکا و روسیاو
ماڵی هاورێکەت - ئیسماعیلی شێوەکار و
نەرمینی بەرگدروویش
ڕووبار و گۆڕی داپیرەش

هەمووی لە دەمی پشیلەیەکدا و
ڕادەکات

هەناسەیەک هەڵدەمژی و
دەرگای ماڵەکەت دەکەیتەوە
سەر هەڵدەبڕی بۆ ئاسمان

خۆشحاڵیت کە لە زەوییە بچکۆلەکەدا نەبوویت
زەوییەکی بچکۆلە
خڕ ئەوەندەی هەنارێک!

ناونیشانی ئەم شیعرە
دەکەوێتە خوارەوە
ناونیشانی ئەم شیعرە
دەکەوێتە سەر زەمین،
چیرۆکەکەی ئێمە لە ئاسمانە
دوای ئەوەی شەیتان
لەلایەن خواوە
لە فریشتەکانی تر جیاکرایەوە
سەرگەردان و
فرمێسک لە چاو
ڕویکردە تەنهایی،
ڕۆژێک تابلۆیەکی دروستکرد و
فڕێی دایە خوارەوە
تابلۆکە لە ئاسمان هەڵوەشایەوە
گۆرانییەکی وت، دەنگی نەدەچووە خوارەوە
لە دارە ئاڵتوونییەکانی بەهەشت مۆسیقای دروستکرد، هیچ
شەیتان شێت و شەیدا
وشەیەکی نووسی و
فڕێی دایە خوارەوە.

# یەکەمین دووەم

ئۆتۆمبێلێک
لەنزیک ماڵەکەمان
وەک درەخت شین بووە
وێنەی منداڵێکی تازەبوو،
شۆفێرەکەی هێشتا
بە تەواوی دروست نەبووە
ئەمە خەون نییە
ئۆتۆمبێلەکە بەر دەگرێ و
شۆفێرەکەش پێدەگات،
دەچێتە شەڕی دێو و درنجان
کچی خاقانی چینێ دەفڕێنێ
ئەمە سەرەتای کتێبەکەیە
بۆ کۆتاییش پێویستمان
بە ڕێگایەک
پاشایەک
فرمێسکێک هەیە.

# توانەوە

بەفرەکە
هەر نەتوایەوە
خەڵکی لە سەرمان دەمردن
من مردبووم
گوێم لێ بوو
یەکێ دەیوت :
بەفرەکە سووتاندمت
بەفرەکە
بۆ دەتوێیتەوە ؟
( گۆرانیێ بوو بۆ یارەکەی خۆی دەگوت ).

# پاسی زەمین

.١
لە تۆدا هەموو شت دەبینم
وا بڕوات دەبیت بە تەلەڤزیۆن.

.٢
وەک من بێ ئیشە زەوی
هەر دەسوڕێتەوە.

.٣
حەزدەکەم بێمە ناو تۆ
لەوێدا کرێمستی بخۆم.

.٤
چاوە ڕەشەکانت قاوەیین.

.٥
شەوێک خۆم کرد بە دز بەسەر ماڵەکەتانم دادا،
بەس تا تۆ ببینم.

.٦
سەتڵێک بۆیاغی سپییم پێیە،
خەریکی ڕۆژە ڕەشەکانم.

.٧
دایکم هێندە دڵ ناسکە
بە دەنگی موزەخەش دەگری.

.٨
لەسەر بان بەربوومەوە،
تەنها دڵم شکا.

.٩
ماچی قتووش نییە لێرە.

.١٠
کڵاوی بابردوو دوای من کەوتووە.

.١١
چ عەجەب !
ئەمشەو لوقمانی حەکیمم بینی
بە دوای دەرمانخانەیەکی ئێشکگردا دەگەڕا !

.١٢
دڵێکم دەوێ بە کرێ
بەڵام وەک هی خۆم تەنگ نەبێ.

.١٣
بەخۆم نەبوو
سەکنەکە بەزۆر سواری پاسی زەمینی کردم !

.١٤
سەد لاپەڕەی خۆشەویستییم بۆت نووسی
شتێکی بەجێت وت، تەنها وتت خەتت خۆشە !

.١٥
هاوین قەمسەڵەیەکی ئەستووری لەبەرکرد
دەڕۆیشتە ژووانی زستان
لە ڕێگا زستانی بینی،
فانیلەی عەلاگەی لەبەربوو.

.١٦
خۆشەویستەکەم لە بەهەشتە و من لە دۆزەخ
هەرکات دێتە سەردانم کاسەیەک هەنگوینم بۆ دێنێ،
منیش خوا هەڵناگرێ میهرەبانم
تەشتێک خەڵوزی پێدەدەم..

.١٧
دەرگاکان کەمێک قوڵتر
کەمێک عاشقانەتر بە خەیاڵداچوون،
بە تەنها کەمێک فڕینیش
بوونە پەنجەرە.

.١٨
لەسەر قەڕەویلەکە بەربووەوە، کەوتە ناو ژیانی من.

.١٩
مێرووولەکە بەدەم خەوەوە دەگری
چونکە لە خەونیدا بۆتە فیل و ..
ناتوانێ دەنکە گەنمەکە پاڵبدا.

.٢٠
پەپوولە ناچێتە باخچە ئیتر،
عەتر و شت دەکڕێ.

.٢١
ئاو نەزیفبووە،
نەوەکانی ئاگر لەگەڵی چوونەتە نەخۆشخانە.

.٢٢
هەمیشە بۆتۆ دەسووتێم،
لە پەنا زۆپاوە!

.٢٣
فریشتەی مەرگ دەمی تۆپبارانەکە
بەر لە ئێمە خۆی خزاندە ئەشکەوتەوە.

.٢٤
لێم شێوا،
چوومەوە دوکانەکە و وتم :
مامە گیان ڕێبین یێکی ترم بدێ،
ئەمەیان تەواو نییە !

.٢٥
لە یەکێک لە شەڕەکانی داهاتوو هەڵاتووم و
کەوتوومەتە ئێستاوە.

.٢٦
شووكر بۆ خوا چاكەی زۆرمان كرد و
ڕۆیشتین بۆ بەهەشت،
لە نیوەی ڕێگا شۆفێرەكە وتی تایەی ئۆتۆمبێلەكەم
پەنجەرە و دەبێ لابدەین..
لاماندا بۆ دۆزەخ
ساڵەهایە لەوێین و
كەس بە دواماندا نایەت..!

.٢٧
جادووگەر هەرچەند كردی نەیتوانی
كچەكە ونبكات،
جەماوەر كردیانە هات و هاوار
جادووگەر بێچارە وتی : حەیف نییە ئەو كچە جوانە بزربێت ؟!

.٢٨
هەقیقەت بەسەر دیواری ماڵەكەماندا بازیدا
هەموومان بەجۆری جیاواز و مۆنی خۆمان لێی چووینە
پێشەوە،
وتی: ئیزنم بدەن كۆترەكەم لەسەر بانی ئێوەیە !

# فیل و نامەی دڵداریی

هاوینێک لە مەریخ
مێزی نانخواردن ڕازاوەتەوە و
خۆشەویستیی تێر دەکەین ،
باوکم وێنەی دار بەڕووی بۆ ناردووم
تا وڵاتی خۆم لە بیر نەکەم
لە هاوڕێیەکم دەپرسم
ئەحواڵی زەمین چۆنە ؟
تەلەفۆنەکەی دادەخاتەوە..
فیلێک لە نزیک ئێمە بە لووتی
شتێک دەنووسێ ،
لەسەر پشت ڕادەکشێم
سەیری ئەستێرەیەکی دوور دەکەم
چ سەیرە ئەم ئەستێرەیە
زەمین بێت

ئەو تۆپەڵە سوورەش
شوێنی ئێمە،
لەناویشیدا شین..ماڵی یارەکەم
لەویشدا سپی...خۆی
لەویشدا نارنجی..دڵی
لەویشدا زەرد..کەسێک ،
کەسێک کە من نیم
چ سەیرە ؟!

# چەند فڵچەیەک

نیگارکێشەکە
دەگری
چونکە
ناتوانێ
وێنەی
گریانی
خۆی
بکێشێ !

# قەفەس

به مندالّیی
له قەفەسی باخێکدا ون بووین ،
بیرته ئەو باخەوانەی
بۆ نانی ئێواره
پەپووله مردووەکانی کۆدەکردنەوه ؟
به مندالّیی
نه کۆللارەی من هەڵفڕی و
نه بووکەشووشەکەی تۆش
فێری قسەکردن بوو.

# باڵندەی پاشادۆز

کۆمەڵێک خەڵکی ڕەشپۆش
لەتەنیشت گازینۆکە هاواری خدری زیندە دەکەن.

بەڕاستی شەوێکی سامناکە،
هۆتێلەکان کوژاونەتەوە.

جنۆکەکان بەسواری پایسکل دێن و دەچن
پیرەژن بە سەری سپی و ئاڵۆزاو دانیشتووە و
دەگری،
ئەو گسکەی پێی هەڵدەفڕێ لێی شکاوە.

دوو سێ پیاوی بچکۆلە
چوونەتە سەر شانی یەکتر،
زەمبیلەیەکیان لەسەر ئەرزەکە داناوە و
چەقۆی پێگەییوی درەختە ئاسنەکە لێدەکەنەوە.

ژمارەیەک پەری بە لەش و لاری رووتەوە تێدەپەڕن
دەنگی پێکەنینیان دەگاتە ئەوسەری شار
ئەوسەری شار ئەو باڵەخانەی دێوەکان
تێیدا دەژین
تێیدا دەژین و خەریکی ڕاوکردنن.

دێوەکان دووبارە دەتوانن ئاو لەسەر خەڵکەکە ببڕن
هەمیشەش شیری خاوێن بخۆنەوە
لە سەتڵی گەورە گەورەدا.

وردە بوونەوەری ئەوەندەی مێروولە
لە فڕۆکەی بچکۆلە دادەبەزن و
فرمانەکانی خواوەند دەخوێننەوە.

نازانم بۆچی ئەم کتێبفرۆشە پیرە
دوکانەکەی دانەخستووە
شتێکی لەژێر سەردایە
پەیتا پەیتا کتێبەکان دەهێنێتە دەرەوە و

دەیاندا بەمنداڵانی عارەبانە بەدەست
منداڵەکان
عارەبانەکان لێدەخوڕن و
بتڵێک شەراب بەدەستەوە ..مەست و حەیران
کتێب لەمانگ دەگرن.

پیاوان و پاڵەوانەکانی ناو سندووق و قۆرییە
سیحرییەکان بەیەکەوە لەدەوری چایخانەیەک
کۆبوونەتەوە و بێکار و خاوەن..
نێرگەلە دەکێشن،
هەرکەسێک بەوێدا رەت بێ
ئەوان کڕنۆش دەبەن و دەڵێن
" گەورەم فەرمان بکە، هەرچییەک دەخوازی
بۆت جێ بەجێ دەکەم "

خۆشەویستەکەم هێشتا
لە جلشۆرەکەدا خەوتووە،
خەون دەبینێ.

باوکم لەم خوارەوە
بۆتە پۆلیسی هاتوچۆ ،
هەموو شۆفێرەکان ڕادەگرێت
بۆ ئەوەی دڵنیابێت
لەوەی دەجاڵ هاتووە.

پیاوچاکەکان بەهەمان قووماشی
سەوزی دەوری مەرقەدەکانیان
لەگۆڕەکانیان بەرزبوونەتەوە
لەم کۆڵان و ئەو کۆڵان
بەهۆی فشاری خەڵکەکە خۆیان ون دەکەن.

ڕووبارێکی ڕەنگاوڕەنگ بەشەقامی سەرەکیدا
دەڕوات
پڕە لە ئۆتۆمبێلی بچووک و گەورە
مرۆڤەکان هاوشێوەی قولاپ
دەستیان ئامادەکردووە.

کۆڵانی تەنیشت سەوزە فرۆشەکان
کە گەورەی زبڵدانەکان لەوێ دەژی
لەوێدا
کۆمەڵێک پیاو کۆبوونەتەوە و
چاوەڕێی باڵندەی پاشادۆز دەکەن
لەسەر یەکێکیان بنیشێتەوە.

بەڕاستی شەوێکی سامناکە،
تاریکیش کوژاوەتەوە.

چی دیارە لە پەردەی پەنجەرەکان؟
دەموچاوێکی تەڵخ و خەمبار،
هاوشێوەی ئەشکەوت و گەمەی سێبەرەکان
کچەکان دۆستی ڕاستەقینەیان لێ ونبووە.

ئەحمەدێک نییە بچێتە شەڕی دێوەکان
دۆنکیشۆتێک نییە بەگژ ئاشە هەواییەکاندا بچێ
ئایا سەردەمی پاڵەوانەکان کۆتایی هات؟

هەرزەکارە فڵچە بەدەستەکان لە قوڵایی شەودا
لەسەر دیواری قوتابخانە وماڵەکان
نووسینی زۆر تەنک دەنووسن
بۆ بەیانییە مردووەکان
دەنووسن : قوتابخانە دۆزەخە
دەنووسن : هەر دەتکوژم...بۆ کوێ دەچی؟
دەنووسن : بێ وەفا
دەنووسن : خۆشمدەوێی

وردە وردە شەو دەسکی دەرگاکانی دەگۆڕێت
خەرمانەکە دەکا بە لفک و بەمانگ ئەستێرەکانی دەشوا

لەسەر دیواری نێوان تاریکی و ڕۆشنایی
دانیشتووم
دووپشکێکی بچکۆلە بەسەر سەرمدا دەفڕێ و
لە بان گوڵێکی تاریکدا دەنیشێ

## گۆڕی شەو دێتەوەیەک

دەوری گازینۆکە ئێستا چۆڵە
جنۆکەکان لەتەنیشت پایسکلەکانیان خەوتوون
دێوەکان خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ ڕاو
کتێبفرۆشە پیرەکە دەگری و منداڵان ژێری دەکەنەوە
باوکم هێشتا لە دەجاڵ دەگەڕێ
باڵندەی پاشادۆز لە کۆڵانە پیسەکەدا خەڵتانی خوێن کراوە
کچەکان گوێ لەگۆرانی دەگرن

من لەدیوارەکە دێمە خوارەوە
دەڕۆمە لای جلشۆرەکە
خۆشەویستەکەم یەک پارچە ڕەنگە

گلۆپی ژوورەکەم دەکوژێنمەوە
پەردەکان ئازاد دەکەم

خەریکە بەیانی دادەگیرسێ

بەیانییەکی بەبێ ئەحمەد کە بچێتە شەڕی دێوەکان
بەیانییەکی بەبێ دۆنکیشۆت کە بەگژ ئاشە هەوایییەکان
دابچێ !

* باڵندەی پاشادۆز : مەبەست لەو باڵندەیە (زۆرجار دەوترێت باز) کە لەناو حیکایەتە فۆلکلۆرییەکوردییەکان بەسەر سەری خەڵکەکەدا دەفرێت، هەرکە لەسەر یەکێک نیشتەوە ئەو دەبێتە پاشا، مەبەست لەو باڵندەیە کە کەسێک بۆ پاشایی دەدۆزێتەوە.

## ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە ئاگری گرتووە

دەنگێکی گەورە بەناو باخچەدا دەڕوات
مێزەکان هەڵدەفڕن
منداڵەکانیش

ئامینە سەتڵێک شیری پێیە و
دادەچڵەکێ،
زەمین سپی دەکات – دەریاکانیش

کەلوپەلەکان دەڕژێنە سەر شەقام
مێرگێک تەلەڤزیۆنی ئاڵ و واڵا و
کیلگەیەک گسکی کارەبایی دادەگیرسێن

پیاوێکی کڵاوبەسەر : پێڵاوێکم دەوێ بۆ پردی سیڕات.

بابەگەورە بە بیجامە و کورتەکێکی شین
گۆرانی دەخواتەوە و
لە دزەکان دەگەڕێ

ئامبۆلانس بەریەک دەکەون
ئۆتۆمبیلێکی ئاگرکوژێنەوە ئاگری گرتووە

یاریزانە دڵخۆشەکان
تابووت بەدەست مردنیان بردۆتەوە و
سەرکەوتوون بۆ گۆڕستانی کۆتایی

سێوێک لە سەلاجەی ماڵی کڵاوبەسەر نەخۆشە
پیازەکان لە دەرەوە بۆی دەگرین

مامزێکی گەورەتر لە دایناسۆرەکان
بەناو شار کەوتووە
بیناکان زامدار دەکا

ئامینە دەڵێ : چووینەتە ناو فیلم کارتۆن
من سەگە – کەم خۆشتردەوێ نەک تۆ

بابەگەورە سندبادێکی باڵابەرزە، دەریای نەدیوە — بێ
بەرماڵ هەڵدەزنێ بە هەواوە، بێ پلانیش
دزەکان دەگرێ — قۆرییەکەی پڕە
لە پیاوی بازوو ئەستوور
لە ئەژدیهای گوارە لەگوێ

پێڵاوێکی بەفرین کە قەیتانەکانی گزنگن
پێڵاوفرۆشەکە پێدەکەنێ : ئەمەیان ببە بۆ پردی سیڕات
کڵاوبەسەر.

هێشتا دەریاکان سپیین و شیرەکە نەوەستاوە
منداڵەکان بە ئاسمانەوەن و
مێزەکان بوونەتە باڵدار

کامێراکە لە من نزیک دەبێتەوە و
بە دوای سەربازەکاندا ڕادەکات

ئەمبۆلانس بەریەک دەکەون و
مامزە گەورەکە پەڵەهەورەکان دەخوا

سێوە نەخۆشەکە مردووە
سەلاجە بۆتە مزگەوت – پرسە دەگێڕن

خەڵووز بۆ منە..کاغەزێک بەدەستەوە
وشەکان ماناکانی خۆیان دەسووتێنن و لەناو ڕستەکانم
باردەکەن

بێدەنگی ، بێدەنگی
تکایە کامێراکە دوورخەوە
من قسە دەکەم

چەندان کارەکتەرم هەبوون
چەندان کارەکتەر
ویڵم کردن

١. بابەگەورە..کە ئێستا سندبادێکە و تەنها دزەکان نابینێ
فڕینی بیرچۆتەوە و
قۆرییەکەی بەتاڵە

٢. کڵاوبەسەر..کە دڵنیام قەیتانەکان پێڵاوەکەیان
تواندۆتەوە و لە پردی سیڕات بەربۆتەوە

٣. مامزی گەورەتر لە دایناسۆرەکان..بۆتە هاوەڵی
مێروولەکان و
ناتوانێ دەنکە گەنمەکانیش ڕاکێشێ

٤. سێوە نەخۆشەکە – پیازەکانیش یادی ناکەنەوە

٥. یاریزانە دڵخۆشەکان..ئێستا مردنیش نابەنەوە و
تابووتیشیان نەماوە یاری پێبکەن

٦. پێڵاوفرۆشەکە..دەمێکە هەنگاو دەفرۆشێ لەبری پێڵاو

٧. ئامینە.. وای لە ئامینە
که نەمتوانی دڵی بە دەست بهێنم
هەر کاتێک دڵی خۆمی بۆ دەکەمەوە
دەڵێت
ئێمە چووینەتە
ناو فیلم کارتۆن،
من سەگەکەی ناو فیلم کارتۆن
من پشیلەکەم خۆشتردەوێ – نەک تۆ.

# بەیانییەک

چ خۆشبوو..
بەیانییەک هەڵسی..دونیا گۆڕابێ..
کەسێک پێت بڵێ :
ئاژەڵەکانیش بوونەتە
هاوڕێی ئێمە لەم بۆشاییەدا

بەدەم ژیانەوە
ڕۆمانی سیسرکەیەک بخوێنیتەوە
ئەوکات لە دڕندەیی مرۆڤ تێدەگەی
لە چاوە خشۆکەکانی..

بەدیار ڤیدیۆکلیپی
بولبولیکەوە دابنیشی..

خزمێکت بە دەستڕێژی مەفرەزەی
مەیموونەکانەوە شەهید بکرێ

بچیتە کۆڕەشیعری کۆترێ

گوێ لە گۆرانی کچی زەڕافەیەک بگری
بۆ یارەکەی

وردبیتەوە لە دڵی فیلێک ،
ئەوکاتەی بچووک بۆتەوە
تا گەورەیی خۆی ببینێ

لە هەنگێک بپرسی
عەشق هەر پەنجەرەیەکی ئەوەندەی چاو و
ماڵێکی ئەوەندەی گوێی بەس نییە گیانی من ؟

دواجار بە شێر بڵێی خۆشهاتی
پاشای دارستان – بە سەروسمێڵ و تاج و
کورسییەکەتەوە
لێرەوە کاری تۆ دەستپێدەکات .. ئامادەبە

دەبێ بەیانییەکی وابێت
ئاژەڵەکانیش وەک ئێمە هەنگاوباوێن ؟

نا..ئەوان ، ئەوان ئازادن و
جیهانی خۆیان خۆشترە

لەوەدەچێت مرۆڤ لەوکاتەوە دۆڕابێت
کە توانیویەتی بدوێ و بیربکاتەوە..!

# هەفتەکان گوێزن

١.
کۆلۆمبۆس ئەمریکای دۆزییەوە
منیش تۆ.

٢.
دایکم ڕۆژوو دەشکێنێ
تۆش دڵی من.

٣.
ئادەم لە بەهەشتەوە خۆی فڕێدایە
سەر زەوی،
ئەوە یەکەمین هەوڵی خۆکوژیی بوو.

٤.
هێند زۆری
ناتوانم بتژمێرم.

.٥
فەرهادێکی نوێم
لەپێناو عیشقی شیریندا
خۆم دانیشتووم و
کرێکارم بۆ کێوی بێستوون گرتوون !

.٦
بەوەندەش دڵمخۆشە
کە بەیەکەوە دەڕۆینە دۆزەخ.

.٧
قاپێک تاریکی بخۆ خۆشەویستەکەم
بەشی ساڵێک ڕۆناکی کۆنمان ماوە.

.٨
وێنەی چراکە دەگرم
لە پاڵی بوەستە با ڕووناک دەرچێ.

.٩
خوا نەکا فریشتەی مەرگ بمرێ
هەموومان ماڵوێران دەبین.

.١٠
ڕێک دەڵێی شێرەبەفرینەم و
تۆ دروستت کردووم.

.١١
پێکەنینت درەخت بووایە
دەبوومە باغەوان،
شەقم لە شیعر هەڵدەدا !

.١٢
عاشقی کچێک بووم
دوای کەوتم – خۆی فڕێدایە ناو تەلەڤزیۆن
منیش ویستم وابکەم – کارەبا کوژایەوە
وای چ داستانێکی خەمگینە !

.١٣
مێرووله‌یه‌ک دوای ماندووبوونێکی زۆر
ده‌گاته ناو جلشۆری دراوسێکه‌مان ، ئه‌مه ڕۆژ –ی
بچکۆله باسیده‌کرد
له‌وێ ده‌گات به مێرووله دڵخوازه‌که‌ی خۆی، له کاتی
باوه‌شدا
یه‌کێک جلشۆره‌که ده‌خاته‌کار!

.١٤
وه‌ک گوێز هه‌فته‌کان ده‌شکێنم،
ڕۆژێکی ساغییان تیا نییه.

# گوڵچنی یارییەکان

منداڵەکان
پشت چەماوە،
خۆیان خستۆتە نێو قەفەسی باڵندەکان
بە خەیاڵی ئەوەی
دوو باڵییان لێ بڕوێ.

# نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەک

ژنە باڵدارەکان و
پیاوە سەمەرەکان لە ئاسمانەوە دادەبەزن
بە پەتێکی ڕەشی باریک
تەنانەت دووپشک و مار و بۆقیش
لە پەتەکە ئاڵاون

هەور لەنێو زبڵدانەکاندا بە دوای بتڵێک
ئاودا دەگەڕێ

دوکانی بەرگدرووێک لە نهۆمی دووی
باڵەخانەیەک : من لەوێدام
تەواوی بازاڕگا و کۆگان داخراون
کونێکم کردۆتە دیوارەکەوە
چ دنیایەکی دڵپێکراو دەبینم لە دەرەوە !!

ڕۆژنامە و پیاوە پیرەکەی دوێنێ
لە مەرگی زەوی دەدوان..

تۆش دەتوت باوکم دەڵێ با پێکەوە بمرین و
جوان نییە بۆ مردنیش بچیتە دەرەوە..

شاگردە چکۆلەکەم ..
ئاخ شاگردە چکۆلەکەم مردووە ،
لەگەڵ دەنگی ئاژەڵە چاو گەورەکان بەلاداهات

دەنگی ڕادیۆیەکی تێکشکاو دەبیسم
لە کوێ یە؟ ئەم دەنگە لە کوێ؟
نایدۆزمەوە..
" کیژان دەچنە مێرگۆلان .." *
کەچی من ناتوانم ڕابکەم

دەست دەخەمە سەر قورئانە تۆزاوییەکە
یەکەمجارە دەکرێتەوە..
نەخوێندەوارنییم بیر لە داروین و
مارکس و فەقێ تەیران دەکەمەوە ،
لە دڵداریی..

سەیری کونی دیوارەکە دەکەم
سەرتاپای شار نوقمی دوکەڵ و ژەهر و هەڵمە
ئۆتۆمبێلێکی سوور لە خوار شەقامەکە وەستاوە
پیاوێکی باڵابەرز تفەنگێکی پێیە و دەگری
منداڵێک بە چوار باڵی لێڵەوە دەفڕێ

خۆم ڕووت دەکەمەوە
دەستدەکەم بە جل دروین
پانتۆڵ..تەنوورە..جلی منداڵان
پەیتا پەیتا شۆڕش دەکەم
جل دەدرووم
دەستێک جلی نوێ بۆ شاگردە نوێیەکەم

ئەهای چەند سەمەرەن
ژن و پیاوانی باڵدار و ژەهراویی و
دەستەیەک بۆق و حەشەڕاتی ترسناک
بە پەتێکەوە

ناوێرم کونەکە بکەمە پەنجەرە
پەنجەرە ترسناکە

گوێبگرە دەبینم :
ژنێک پرچێکی زیوین داپۆشیوە
سەبەتەیەکی چوارگۆشە بەدەستەوە
وەک تەقەی تاوڵە
گوللەیەک بە سەرییەوە دەنووسێت.

نهۆمی دووی باڵەخانەیەک
لەنێوان هەڵپەڕینی تیمساح و مرۆڤە ئەلیکترۆنییەکان
دانیشتووم و جل دەدرووم
بەرامبەر کونی دیوارەکە ،
من بەرگدرووێکی
ڕووتم

زەرادەشت
ناپلیۆن
برایم خانی دەلۆ
چیخۆف
هەر هەمووتان

دونیا وێنەی ماڵێکە لە دۆڵێکی شوومدا
هەورەکان جارجارە دەنیشنەوە
باڵندەکان هەرچەند بفڕن
ناگەنە ئاسمان
من..من
من چیم؟

بەرگدرووێکی ڕووت
چیم پێ دادەپۆشرێ ؟ چیم پێ ڕووت دەکرێتەوە ؟

کونی دیوارەکە دەگرم و
هاوار دەکەم...

دێتە بەرچاوم :
شەیتان بەسواری هەسپێک لە باخی پەرییان هەڵدێ
توخمی دارسێوەکەی دزیوە
پەرییەکی پیر بە قاچێکی شکاوەوە دوای دەکەوێ.

ئەی تۆ ...تۆ ؟
تۆ بۆ مردنیش نابێ بێیتە دەرەوە

لێم دیارە لێرەوە
بۆقەکان پاڵ بە دەرگاکەتانەوە دەنێن ،
هەمووتان گردبوونەتەوە – باوکت دەستی ڕاخستووە
چەند بەم گردبوونەوە نامۆییت..
چەند سەختە وای..

ئای چەند تامەزۆری ئەوەم بێدەنگبم
چەند شەیدای ئەوەم لە ئاسمانڕا بەرببمەوە و
بکەومە ناو تۆ.

پێڵاوێک لە شەقامەکەدا بۆ قاچێک دەگەڕێ.

لە دەرەوە دەنگی تەقە دێ
دەنگی گۆرانیی ڕادیۆکە لە شوێنێکی نادیار
دەنگی باڵەفڕێی منداڵەکە بە ئاسمانەوە
من لێرەم
لەودیو دیوارە پۆڵایین و قاییمەکان
دانیشتووم و
جل
دەدرووم...

* گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک

# ئاژاوەی ڕەنگاوڕەنگ

هەشتسەد قەفەسی گەورە بە ئاسمانەوە
لەناویاندا – ئامینە و نێرگز و شیوەن
لە ژێری ژێرەوەش
ڕێوییەکی دڵخۆش فیت فیت
جگەرە دەکێشێ.

فیت فیت
بە کۆڵانە تەسکەکاندا دەڕۆم و
ئەژدیهایەک لە گەدەمدا لوول دەخوا
تاو تاو سەر هەڵدەبڕێ و گەزەیەکی توند لە دڵم دەدا
ئا ئەمەیە دنیای هەڵبژێردراوی من
دنیای بێ کار، بێ دۆست ، بێ شەڕ و ئاژاوەی
ڕەنگاوڕەنگ.

فیت فیت
بە تاڵێک مووی یادەوەرییەوە،
لە سەرەوەی هەشتسەد قەفەسی گەورە،
لە خوارەوەی رێوییەکی دڵخۆش
دادەگیرسێم و تاق تاق دەکوژێمەوە.

حەزمدەکرد ئەو منداڵەبوومایە
کە لە ناو ئاپۆڕایەکدا دایکی ونی دەکا، وای چەند
حەزمدەکرد
حەزمدەکرد ژن بوومایە، ژنێک کە مێردەکەی لە شەڕدا
کوژراوە و
جل دەدروێ – نا ئەم وێنەیە دووبارەیە، دواتر
دەیسڕمەوە..
حەزمدەکرد ژن بوومایە
ژنێک بەسواری هەسپێکەوە، خەنجەرێک لەناو بڕبڕەکانی
پشتی و ..

نانا..دووبارەیە..دەیسڕمەوە..دەیسڕمەوە..

من لە وێنەکانی قوتابخانە هەڵدێم
لە وێنە چوارچێوە پەمبەییەکان – لە وێنەکانی ژەنەڕاڵ
یان وێنەی ئەوانەی لە دۆزەخیش ئەوەندە بێ بایەخ دەبن
فریشتە ڕەشەکان نایانسووتێنن..
کەچی هێشتاش وام بە کۆڵانەکانەوە
وام بە ئاسمانەوە

بە ئاسمانی پەیژە و دەستکوتانێکی جادووگەران
بە ئاسمانی فڕۆکە و موشەکی ئەویندار و دڵپڕ، دڵپڕ –
پڕ لە ئەستێرە و تاریکی
هەر دەبێ بتوانم لەم وێنەنانە هەڵبێم
بۆ ئەوەی فیت فیت
بگەم بە مەرامی خۆم
لە سەرەوەی هەشتسەد قەفەسی گەورە
لە خوارەوەی ڕێوییەکی دڵخۆش
بەدەم جگەرەکێشانەوە
ببم بە ژنێک

ژنێک کە دۆستەکەی لە بیری کردووە و..و..و..
نانا ..ئەم وێنەش دووبارەیە..
من لە وێنەکان هەڵدێم..
دەیسڕمەوە..دەیسڕمەوە..

# دووربین یان ڕۆمانێکی تەواونەکراو.

کات هەشت و نیوی شەوە
تەلەڤزیۆن هەواڵێکی سەیر فڕێدەدات
بەر سەری باوکم دەکەوێ،
باوکم دەڵێ درۆیە
منیش دەڵێم درۆیە
دایکیشم،
خوشکە بچکۆلەکەم دووپاتی دەکاتەوە : دلۆیە.

لە سەربانەوە سەیر دەکەین
خەڵکانێکی زۆر، هەندێکیان دەست بەچەکەوە، ئامادە بۆ تەقەکردن،
هەندێکیان بێ هەواڵ دەڕووواننە دوور
خۆشبەختانە دووربینی شەومان هەیە ئێمە
بەڵام هیچ شتێک نابینین، هۆتێلەکە دوورە.

ئەوشەوە تا بەیانی دەنگی تەقە هات، بەڵام هیچ....
درۆبوو.

بەیانییان هەمیشە شتەکان دەبنە راستیی
دنیایەک خەڵک،
لە پشتەوەی هۆتێلەکە هات و هاواربوو..
یەکێک دەیوت شەیتانە
پیاوێکی مل باریک : ئاژەڵێکی گەورەیە.
ژنێکی زۆر جوان : ئامێرە – قسەش دەکات.
باوکم : خەڵک قووت دەدا.
دایکم : دەڵێن چوار کەسی خواردووە.
خوشکە بچکۆلەکەم : چوال کەسی خوالدووە.

مانگێک بەسەر هەواڵەکەدا تێپەڕبووە
ئێستا لە پشتی هەر هۆتێلێکەوە، لە دواوەی هەر بینایەکەوە
تەنانەت هەر ماڵێکیشەوە – هەر سێبەرێکیشەوە
شتێکی ئاوا هەیە

شتێک کە ناوی نییە – ناوی نییە و ناوەکانیش هەڵدەلووشێ

وەک چۆن کەسانێکی زۆری هەڵلووشی – دایکم و باوکم
و خوشکە بچکۆلەکەشم

شارەکە تێکەڵاوی بۆنی پیس و خواردنی بەجێماوە
ئەو خەڵکانەی ماون تەنها خەریکی تێرکردنی ئەو شتەن
ئەو شتەی کە ناوی نییە..

هەفتەیەک لەمەوبەر
لە نزیک یەکێک لەم ئامێرانە، لەم ئاژەڵانە، لەم
حووتانەبووم
چووم بە دوای دڵدارەکەمدا
پیاوێکم بینی دڵۆپ دڵۆپ لەبەردەمی ئەو شتە
دەپاڕایەوە..
یەکێکی تر خواردنی پێدەدا، یەکێک پارەی دەخستە ناو
قاچەکانییەوە..
دڵدارەکەم دەیوت
وایەر
قۆچ
کلک

دوگمە
نوور
ئەمانەی هەن – هەموو ئەمانە، ئەو شتە کە من لە
نزیکەوە نەمدیبوو
چووم تا لە دوای ئەو هەواڵە لە ئەوین بدوێم
بەڵام دڵدارەکەم ون بووبوو
ئیستا هەموو ڕۆژێک – تەنها و سەرگەردان
من بەدوایدا دەگەڕێم،
لە پشتی هەر هۆتیلێکیشەوە – دواوەی هەر بینایەک
هەر سێبەرێک
شتێکی ئاوا هەیە – شتێک کە ناوی نییە و ناوەکانیش
قووت دەدا
ئەو شتەی
باوکم پێی وابوو درۆیە
منیش پێموابوو
دایکیشم
خوشکەکەشم دووپاتی دەکردەوە : دلۆیە.

## دوا ژووری دۆزەخ

ئاسمان تەواوی ئەو بەفرەی پاشەکەوتی کردبوو
فڕێیدایە سەر زەوی،
زەوی هەر ڕەش و تاریک بوو

کچەکە دەستی لە جامی ئۆتۆمبێلەکە هێنابووە دەرەوە
ڕاست هەژدە ساڵان بوو،
باوکە وتی: میسرییە کۆنەکان لە چیدا دەخەوتن؟
کچەکە پێکەنی و
وتی سەرمامە.

ژنێکی پیر یاخوود سواڵکەر کە وای دەنواند پێکەنیناوییە
شێرەبەفرینەی بە پارە بۆ منداڵان دروستدەکرد
من منداڵێکی بچکۆلەبووم
وتم - چوار دانەم دەوێن
بۆ خۆم و بۆ..
سواڵکەرەکە زمانی لێ دەرهێنام

دەستەکانم وەک شەو ڕەشبوون

بێ دایک و بێ کەس کەوتوومەتە ناو شەقامە تاریکەکان
بێ باکانە بەفر دەبارێ
باوکیشم نەماوە یان جێیهێشتین
ئەو باوکەی هەمیشە
گەر دایکم دەگریا
پێی دەگوت: میسرییە کۆنەکان لە چیدا دەخەوتن؟

دایکیشم دەیوت
لە دڵڕەقیی تۆدا.